# کچانی خاوەن بڕوانامە داوای دامەزراندن و ڕەخساندنی هەلی کاردەکەن

گوڵان: کۆمەڵایەتی



**حکومەتی هەرێمی کوردستا ئەگەر پلانێکی زۆر تۆکمەشیان بۆ پێگەیاندنی خانمانی خاوەن بڕوانامەی باڵا نەبوویێت، بۆ ئەوەی بتوانن بە ئاسانی لە پرۆسەی ئابووری و سیاسی وڵاتدا بەشـــدار بن و بگەنە ناوەندەکانی بڕیار، بەڵام بە شـــێوازی جیـــاواز و جۆراوجۆر هەوڵیان داوە هەموو ئاســـانکارییەك بۆ خوێندنی ئافرەتان بکەن. لەگەڵ ڕەخســـاندنی دەرفەتی یەکســـانی خوێندنیش بۆ هـــەر دوو ڕەگەز، ڕێژەی کچانی خاوەن بڕوانامە بەردەوام لە بەرزبوونەوەدا بووە، لە ئێستاشدا ژمارەیەکی زۆریان دانەمەزراون بۆیە  پێداگری لەسەر ئەوە دەکـــەن کە خاوەن داهاتی خۆیان بـــن، ئەوەش بە پێوەرێکی ســـەرەکی بۆ دەســـتەبەرکردنی دادی کۆمەڵایەتی دەزانن، جەختیش لەوە دەکەنەوە کە بە خاوەن ئابووری بوونی خانمان چەندین ســـوودی بۆ خۆیان و خێزان و کۆمەڵگەیان هەیە.**

**دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر دەرچوونم لەپەیمانگە تائێستا دانەمەزراوم و نەریتی کۆمەڵگەش ڕێگەم نادات، لە تایبەتمەندی بەشەکەی خۆم لە ڕێستۆرانت و هۆتێلەکان کاربکەم**

ســـەرەتا یاساناس هێڤی جۆڵا، باسی ئەوە دەکات کە زیاتر لەچوار ســـاڵە کۆلیژی یاســـای تەواوکردووە و تائێســـتا هەلی دامەزراندنی بۆ نەڕەخســـاوە، ئـــەو بە نیگەرانییەوە دەڵێت: «پرۆسەی خوێندن لە کوردستاندا هەر لە قۆناغی بنەڕەتیـــەوە  تاکو زانکۆ و خوێندنی باڵاش پرۆســـەیەکە نەیتوانیوە هەندێك کێشـــەی بنەڕەتی چارەســـەر بکات و پەیوەندییەکـــی توندوتۆڵ و ڕێکخســـتنێکی ئەوتۆ نییە لە نێـــوان ناوەندەکانی پـــەروەردە و دەزگاکانی تایبەت بە دامەزراندن، بۆیـــە دەبینین ژمارەی دەرچووان لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردســـتان زۆر زیاترە لە توانای حکومەتـــی هەرێم بـــۆ دامەزراندنیـــان و کەڵەکەبوونی دەرچووانی زانکۆ و پەیمانگەکان ســـاڵ لە دوای ســـاڵ وای کردووە ، حکومەتی هەرێمی کوردستان بیر لە بیمەی بێکاری بکاتەوە  وەك چارەســـەرێکی کاتی بۆ کێشـــەی بێکاری ، بەڵام پێدانی بیمەی بێکاری هەموو دەرچووانی نەگرتووەتەوە».

ئەو یاساناســـە جەختی لەوە کردەوە کە بێکاری گەورەترین کێشەیە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەکەمان دەبێتەوە و گوتی: «بێکاریـــی کچانی خاوەن بڕوانامە وایکردووە کە دووبارە و سێ بارە لە کۆلێژە ئەهلییەکان بخوێنن و کۆمەڵێك بڕوانامە بۆخۆیان کۆبکەنەوە، بەبێ ئەوەی چانســـی دامەزراندنیان



**داواکارم حکومەت ئاوڕێکی جددی لەو پرسە گرنگەی ئێمەی کچان بداتەوە، چونکە ئێمە ناتوانین وەکو کوڕانی هاوپۆلمان کاری ئازاد، یان کرێکاری بکەین**

**لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی تایبەتی دابونەریتەکان بە جۆرێکن کە دان بە تواناکانی ئافرەتدا نەنرێت، هەرچەندە ئەگەر تواناکانی لە پیاویش زیاتر بێ**

**بێکاریی کچانی خاوەن بڕوانانەی وایکردووە کە دووبارە و سێ بارە لە کۆلێژە ئەهلییەکان بخوێنن و کۆمەڵێک بڕوانامە بۆخۆیان کۆبکەنەوە، بەبێ ئەوەی چانسی دامەزراندنیان هەبێت**

هەبێت بە یەکێك لەو بڕوانامانە».

هێڤی جۆلا پێدانی بیمەی بێکاری بە خاوەن بڕوانامەکان بە سەرەتایەك بۆ خووگرتنیان بە تەمبەڵی و نەگەڕان بە دوای کاردا هەژمار دەکات. هەروەها دەڵێت: «لە وڵاتانی ڕۆژئاوا تۆڕی پاراستنی کۆمەڵایەتی کاری سەرەکی دابینکردنی ژیانێکی گونجاوە بۆ هاوڵاتیان و دیاریکردنی بڕی بیمەی بێکاری لەسەر بنەمای ئاستی ئابووری وڵاتەکە و پێویستی بژیوی ڕۆژانەی کەسی بێکارە، بەڵام لە هەرێمی کوردستان ئەوە ڕەچاو نەکراوە».


جۆلا ڕایوایە «لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە شێوەیەکی تایبەتی دابونەریتەکان بە جۆرێکن کە دان بە تواناکانی ئافرەتاندا نەنرێت، هەرچەندە ئەگەر تواناکانی لە پیاویش زیاتر بێ»، «کۆمەڵگەی ئێمە بە جۆرێك ڕاهاتووە کە شوێنی ئافرەت تەنها چێشتخانەیماڵەکەیەتی، هەمیشە هێز و دەسەڵات لە توانای جەستەیی مرۆڤەکاندا دەبینن و توانا ڕۆحی و هزرییەکە بە کەم سەیردەکەن، ئەم جۆرە پەروەردەیە هەتاکو ئێستاش لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باوە، ئەگەر سەیری کۆمەڵگەی ڕۆژئاواش بکەین، دەبینین، لە سەردەمی کۆندا ئەوانیش بە هەمان قوناغدا تێپەڕیون، تەنانەت مووچەی ئافرەت و پیاو لە کارێکی یەکجۆردا جیاوازی بووە و مووچەی ئافرەتان زۆر کەمتر بووە لە مووچەی پیاوان، بەڵام ئەو قۆناغەیان بڕیوە، تەنانەت ئێستا لە وڵاتێکی وەك دانیمارك پیاوان بە خۆپیشاندان داوای یەکسانکردنی مافەکانیان لەگەڵ ئافرەتان دەکەن، هەروەها لە هەموو وڵاتانی پێشکەوتوو لە ئێستادا بەشێوەیەکی بەرچاو ئافرەت لە پۆستی باڵای سیاسی و ئابووری دەبینین، ئافرەتان لەو وڵاتانەدا تەنانەت پۆستی سەرۆك وەزیران و پۆستی باڵای حکوومییان پێدراوە، ئەمە خەونێکە کارێکی زۆری دەوێت تا لە کوردستان جێی خۆی بگرێت، لە کوردستانیش ئێستا ڕێژەی ئافرەت لە پۆستەکاندا بەرەو زیاد بوون چووە، بەڵام هێشتا بەراورد بە ڕێژەی ئافرەتی خاوەن بڕوانامە دادپەروەرانە نییە، هیوادارین حکومەتی هەرێم چاوێك بەم ڕێژانەدا بخشێنێتەوە و مافی تەواو بە ئافرەتان بدرێت تا ڕۆڵی خۆیان لە بنیادنانی وڵاتەکەمان هەبێت».

شیرین مەجید تەها، دەرچووی کۆلیژی بەڕێوەبردن و ئابوورییە لە بەشی ژمیریاری، ئەو یەکێکە لەو سەدان کچەی کە دوای وەرگرتنی بڕوانامە دانەمەزراوە و تا ئێستا بێکارە، بۆیە بە نیگەرانییەوە دەڵێت: «بەداخەوە لەولاتی ئیمەدا هەموو شت بۆتە واستە و واستەکاری، ئەگەر واستەت نەبێت بە مافی خۆت ناگەیتە هیچ جێگەیەك، کە دەچین داوای دامەزراندن دەکەین دەڵێن: (تەعینات ڕاگیراوە) کەچی هاوڕێکەم کە بەیەك ڕۆژ تەخەروجمان کردووە، ئەو لەباشترین جێگە دامەزراوە، بۆیە داواکارم حکومەت ئاوڕێکی جددی لەو پرسە گرنگەی ئێمەی کچان بداتەوە، چونکە ئیمە ناتوانین وەکو کوڕانی هاوپۆلمان کاری ئازاد، یان کرێکاری بکەین.»

شەهێن ئیسماعیل، دەرچووی پەیمانگەی تەکنیکی هەولێرە لە بەشی گەشتیاری، وەك خۆی باسیکرد زۆر هەوڵی دامەزرانی داوە، بەڵام تا ئێستا بێکارە، شەهێن دەڵێت: «کاتێك قوتابی بووم هەموو هیوا و ئاواتم ئەوە بوو زوو خوێندن تەواو بکەم و بە مووچەکەم دایکە زەحمەتکێشەکەم کەمێك بحەسێنمەوە کە لەدوای مردنی باوکم بە نانکەری ئێمەی گەورە کرد تاوەکو خوێندنیشمان تەواو کرد، وەلێ ئەمڕۆ خۆزگە بەوە دەخوازم کە هەر قوتابییەکی قۆناغی سەرەتایی بووام، نەك دەرچووی پەیمانگە، چونکە ئەوکات ئاسایی بوو کە داوای خەرجی ڕۆژانەم لەدایکم دەکرد، بەڵام ئێستا کە تەمەنم ٢٠ ساڵە شەرم دەکەم داوای پارە لە ماڵەوەمان بکەم، چونکە دوای تێپەڕبوونی دووساڵ بەسەر دەرچوونم لەپەیمانگە تائێستا دانەمەزراوم و نەریتی کۆمەڵگەش ڕێگەم نادات، لە تایبەتمەندی بەشەکەی خۆم لە ڕێستۆرانت و هۆتێلەکان کاربکەم».

شەهێن وەك کچێك هاوکات دەڵێت: «لێرەوە گلەیی خۆم ئاراستەی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان دەکەم، کە تاوەکو ئەمڕۆش نەیانتوانیوە کێشەی ئێمەی گەنج چارەسەر بکەن، ئەرکی ئەوانە داوای دامەزراندنمان لەحکومەت بکەن».

لەلای خۆیەوە موحسین ئەرقیسی ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان: سەبارەت بەو کێشانە بەمجۆرە ڕای خۆی دەربڕی: «وەکو یەکێتی لاوان پاڵپشتییەکی زۆر لەبوونی داهاتی سەربەخۆی کچان دەکەین، بۆ ئەوەی بەرنامەی تایبەت بە ئابووری و دەستخستنی سەرمایەیان هەبێت و خاوەن داهات و سەرمایەی خۆیان بن، هەربۆیە بۆ کۆنگرەی داهاتوو پانتاییەکی بەرفراوانمان بەکچان داوە، تاوەکو لەگەڵماندا بەشداربن، لەلای خۆشمانەوە هەوڵمانداوە لە ڕێگەی ناوەندەکانمانەوە و لەمیانەی چالاکییەکانماندا لەناو شار و دەرەوەی شار خولی جۆراوجۆریان بۆ بکەینەوە، لەوانە خولی دروومان و ئارایشگەری و چەندین خولی دیکە، خۆشبەختانە بەدەیان کچ لە خولەکانمان سوودمەند بوون، لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا ناکرێ کچان لەماڵەوە بێکار دابنیشن و چاوەڕێی دامەزراندن بکەن، بەڵکو دەکرێ تاوەکو هەلی دامەزراندن بەدەست دەهێنن کاری دیکە ئەنجامبدەن، بەداخەوە گەنجانی ئێمە فێری ئەوە بوون لەسەر کورسی دابنیشن و سەری مانگ چاوەڕێی مووچە بکەن، ئەوەش بۆ ئایندەی خۆی و وڵاتەکەی زیانبەخشە، بۆچی خەڵکی بیانی بێت لە وڵاتەکەماندا کاربکات، لەکاتێکدا ئەوانیش هەموویان خاوەن بڕوانامەی بەرزن، هەرچەندە لە سیستەمی خوێندن و دەرچوون و دامەزراندن لەهەرێمی کوردستاندا تێکەڵی و بێ سەروبەرییەکی فراوان هەیە و پێویستی بەدەستکاری کردن و پێداچوونەوە هەیە، بەڵام سەرەڕای ئەوانەش حکومەت ئەو توانایەی نییە ئەو ڕێژە زۆرە بە یەکجار دابمەزرێنێت».



# بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق شیرازەی خێزان دەشێوێنێت

جیابوونەوەی هاوســـەران(تەڵاق) گرفتێکی ئاڵۆز و برینێکی زۆر قووڵی کۆمەڵایەتییە کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بە ڕێژەی جیاواز بوونی هەیە، لە هەر حاڵەتێکی جیابوونەوەی هاوسەرانی خاوەن منداڵیش، ئەوا بێگومان سەرەکیترین قوربانیی ئەو حاڵەتانە منداڵە کە باجەکەی دەدات، چونکە دایك و باوکان بێئەوەی ڕەچاوی تێکچوونی باری دەروونی و داهاتووی منداڵەکەیان بکەن، بەو پەڕی خۆپەرستییەوە بڕیاری جیابوونەوە دەدەن. ئەوە سەرەڕای ئەوەی کە لە کۆمەڵگەی ئێمە ئافرەتی بێوەژن و تەڵاقدراو ڕووبەڕووی دەیان کۆســـپ و تەگەرە دەکرێتەوە و بە تەواوی ژیانی لێ تاڵ دەکرێ.

**بەهۆی ئەو بەندوبارەی کە یاسای باری کەسی لەسەر ژنی دووەم دایناوە، تەنیا لەساڵی (٢٠١٣) نزیکەی (٣٩٠) حاڵەتی مارەبڕین لەدادگای مەخموور و (٤٥٠) حاڵەتیش لە کەرکووک تۆمارکراون، کە سەرجەم ئەم ڕێژەیە خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون**

**یاسای ژمارە (١٥)ی پەرلەمانی کوردستان ساڵی (٢٠٠٨) کۆمەڵێک بەندوباری بۆ مارەکردنی ژنی دووەم داناوە، بەڵام لە عێراق هیچ جۆرە بەندوبارێکی نییە**

تێکچوونی شیرازەی خێزانی لە ئاستی جیهانیدا ئامارێکی تەکاندەری هەیە، بەتایبەتی لە وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست مەترسییەکی زۆر گەورەیە، بەجۆرێك لە وڵاتێکی وەك میسر ڕێژەی جیابوونەوە دوو هێندەی ڕێژەی هاوسەرگیرییە، لە سعودیە ئەم ڕێژەیە بۆ سێ هێندە بەرز دەبێتەوە.
کۆمەڵناسان گرفتی ئابووری و قەیرانی کۆمەڵایەتی و هاوسەرگیری زۆرەملێ و هاوسەرگیری لە تەمەنی نەشیاو بە هۆکاری سەرەکیی زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران دادەنێن.
شەهرەیار عومەر قوتابی ماجستیر لە وڵاتی میسر بەرزبوونەوەی ڕێژەی بۆ چەندین هۆکاری جیاواز دەگەڕێنێتەوە، لەوانە: «زیادبوونی خیانەتی هاوسەری و خراپی باری ئابووری و زۆربوونی هاوسەرگیری لەتەمەنی منداڵی و زۆربوونی گرفتی بەکارهێنانی تەکنەلۆژی»، گوتیشی: «ئەگەر هاوسەرگیری بە خواست و ئیرادەی هاوسەران و بە مەبەستی پێکەوەژیان بێت و هەوڵی ئەوەش بدرێ پێش هاوسەرگیرییەکە بە تەواوی لە یەکتر تێبگەن، ئەوا هەرگیز تەڵاق ڕوو نادات».
بە بڕوای ئەو کۆمەڵناسە «بنەماکانی هاوسەرگیری لە کۆمەڵگەی ئێمە بەشێوەیەکی تەندروست نییە و زیاتر پاڵنەرە سێکسییەکان وادەکات کە ژیانی هاوسەرگیری دروست بکرێ، واتا تێنەگەیشتن لە مەفهوومی زەواج تەڵاقی زیاد کردووە»، گوتیشی: «زۆر کچ بۆ ئەوەی تەنیا لە ماڵە بابی ڕزگاری بێت، شوو دەکات، یان دایك و باوك بە زۆر ژن بۆ منداڵەکەیان دەهێنن، یان کچی خۆیان بەشوو دەدەن، بەبێ ئەوەی پرسی پێبکەن، ئەوانە هیچ داهاتوویەکی گەشیان نابێت، هەروەها ئەگەر هاوسەرگیری لەسەر بنەمایەکی عەقڵانی نەبێت و تەنیا لایەنی عاتیفی و پاڵنەری سێکسی بناغەی دابنێت، ئەوا زۆر ئاسان دووچاری هەڵوشاندنەوە دەبێت، ئەمە بێجگە لەوەی کە لە هەر کۆمەڵگەیەکدا داوێنپیسی و خیانەتی هاوسەری زۆر بێت، ئەوا ڕێژەی جیابوونەوە بەرز دەبێتەوە، بەداخەوە ئەمڕۆ لەسەرتاسەری جیهاندا بەهۆی ئاسانبوونی تێکەڵاوبوونی هەردوو ڕەگەز لەهەموو شوێنەکاندا خیانەتی هاوسەری زۆر تەشەنەی کردووە، هەروەها بە هۆی زۆربوونی ئەنتەرنێت و ڕەفاهیەتی ژیان و تێکەڵاوبوونی ڕەگەزەکان و قەڵەبالغی و زۆربوونی دانیشتووانی شارەکان و نەبوونی ڕێنمایی دروست، پەیوەندی سێکسی و خیانەتی هاوسەری و جیابوونەوەکان زیاتر بووە».
ئەو کۆمەڵناسە جەختی لەوە کردەوە کە «هەمیشە لە جیابوونەوەی هاوسەراندا منداڵ دەبێتە قوربانی یەکەم، چونکە یەکێك لە سەرپەرشتەکانی لەدەست دەدات و بەدیل و جێگرەوەی ئەو سەرپەرشتەش گەورەترین کێشەی دەروونی بۆ دروست دەکات گوتیشی: «ئەگەر ئێمە سەردانی خانەی نەوجەوانان بکەین، دەبینین زۆربەی ئەو منداڵانەی کە لەو شوێنە دەژین، بەرهەمی جیابوونەوەی دایك و باوکن».
ئەوەشی خستەڕوو کە گرفتی کۆمەڵایەتی کاریگەری لە گرفتی ئابووری زیاترە، نموونەشی بەوە هێناوە کە جیابوونەوە لەچینی دەوڵەمەندەکاندا زیاترە لە چینی هەژار و کەمداهات، هەروەها زۆرترین ڕێژەی تەڵاق لەو وڵاتانەی جیهاندایە کە لەڕووی ئابووریەوە بەهێزن، یان کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی خێرا ڕوویان تێدەکات» .
شەهرەیار عومەر زیاتر پرسەکە شیدەکاتەوەو دەڵێت: «ناکرێت جیابوونەوە بە تاوان بناسین، چونکە مادام گرێبەستێکی یاسایی بۆ دروستکردنی پرۆسەی هاوسەرگیری هەیە، یاساییە کە جیابوونەوەش هەبێت، لەبەر ئەوەی ئەگەر ئەو دوو هاوسەر نەتوانن پێکەوە بەردەوام بن، هەر دەبێت جیاببنەوە، ناکرێت ئەو دووکەس بەیەکەوە نەگونجێن، تا مردنیش پێکەوە بژین».
ناوبراو ڕایوایە چارەسەری کەمکردنەوەی جیابوونەوەکانی هاوسەری پێویستی بە هەوڵدان بۆ کەمکردنەوەی هاوسەرگیری نەوجەوانان و وشیارکردنەوەیان بەر لەئەنجامدانی پرۆسەی هاوسەرگیری هەیە، ئەوەش دەکەوێتە ئەستۆی حکومەت و پەروەردە و میدیاکان، هەروەها پێویستە ڕۆڵێکی زۆرتر بە توێژەران بدرێت بۆ چارەسەری ئەو گرفتانەی کە لەناو دادگاکاندا هەیە، دەبێت سەنتەر و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەوڵبدەن وۆرکشۆپ و خولی درێژخایەن بکەنەوە و بەشێوەیەکی زانستی و کۆمەڵایەتی گەنجان بەرامبەر بە پرۆسەی هاوسەرگیری وشیار بکەنەوە».

## ساڵی ڕابردوو لەهەرسێ پارێزگاکەی هەرێمی کوردستان (٦٤١٧) حاڵەتی تەڵاق تۆمارکراوە

حاجی عیزەدین عەبدوڵڵا ڕاوێژکاری یاسایی لە بەڕێوبەرایەتی گشتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان، لە ئاخافتنێکیدا بۆ گۆڤاری گوڵان ئاشکرای دەکات کە لە ساڵی ڕابردوو (٢٠١٣) لەهەرسێ پارێزگای هەرێمی کوردستان (٦٤١٧) حاڵەتی تەڵاق تۆمار کراوە، هۆی زیادبوونی ڕێژەی تەڵاقیش لە هەرێمی کوردستان بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێنێتەوە لەوانە: هاوسەرگیری لەتەمەنی نەوجەوانی کە لەم تەمەنەدا زۆربەی هەرەزۆری هاوسەران هەست بە پەرپرسیارێتی ناکەن و لە دەرئەنجام و کێشەکانی هاوسەرگیری تێناگەن، گوتیشی: «ئێمە وەك بەڕێوبەرایەتی خۆمان و ئەو بەدواداچوونەی کە کردوومانە گەیشتووینەتە ئەو ئەنجامەی بەشێکی زۆر لە هۆکارەکانی جیابوونەوە زیادبوونی زەواجە لەتەمەنی هەرزەکاری، چونکە بە بڕوای ئەو ناکامانە هاوسەرگیری تەنیا ژیانێکی پڕ لە خۆشی و سەیران و گەڕانە، بەڵام کە دێنە ناو ڕاستییەکەوە، دەبینن بەو شێوەیە نییە و پڕ لە گرفت و قەیرانە». باسی لەوەش کرد کە بەهۆی ئەو بەندوبارەی کە یاسای باری کەسی لەسەر ژنی دووەم دایناوە، تەنیا لەساڵی (٢٠١٣) نزیکەی (٣٩٠) حاڵەتی مارەبڕین لەدادگای مەخموور و (٤٥٠) حاڵەتیش لە کەرکووك تۆمارکراون، کە سەرجەم ئەم ڕێژەیە خەڵکی هەرێمی کوردستان بوون، بێگومان ئەمە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر زیادبوونی ڕێژەی تەڵاق هەیە، چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی زۆرترین کێشەی خیزانی دروست بێت، لەبەر ئەوەی سەرجەم ئەم مارەبڕینانە هاوسەرگیری دووەمە، لەکاتێکدا ئەم مارەبڕینانە بەبێ ڕەزامەندی هاوسەری یەکەم ئەنجام دراوە، ئەوەش تەنیا لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان تۆمار دەکرێ. هۆی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە یاسای ژمارە (١٥)ی پەرلەمانی کوردستان



ســـاڵی (٢٠٠٨) کۆمەڵێك بەندوباری بۆ مارەکردنی ژنی دووەم داناوە، بەڵام لە عێراق هیچ جۆرە بەندوبارێکی نییە، بۆیە پیاوان بۆ مارەکردنی ژنی دووەم بەبێ ڕەزامەندی هاوسەری یەکەم پەنا بۆ دەرەوەی هەرێم دەبەن، ئەوەش زیاتر گرفت دروســـت دەکات و زۆر جـــار ژنی یەکەم داوای جیابوونەوەی کردووە، ئێمە داوامان کردووە لەڕووی یاســـاییەوە چارەسەر بۆ ئەم گرفتە بدۆزرێتەوە، چونکە ئەوەی کە زیاتر گرفت دروست دەکات، ئەوەیە کە هەموو هاوڵاتییەك ئازادە لەوەی گرێبەســـتی هاوســـەرگیری لەکوێ تۆماربکات. تا ئێســـتا یاســـایەك نییە بۆ ئەوەی ئەو کەسەی خەڵکی چ شارێکە، هەر لەو شوێنە ژنهێنانی تۆمار بکات».

شنۆ کەریم شارەزا لەبواری یاسای باری کەسێتی، سەرتا هێما بۆ ئەوە دەکات کە بەپێی یاسا جۆرێکی جیابوونەوە هەیە لەدەستی پیاودایە، وەك مافێکی ڕەوای خـــۆی بەکاریدەهێنێ، هەروەها جیابوونەوەش هەیە پێی دەڵێن(تەفریقی قەزائی ) ئەمجۆرەشیان ژن پێشـــکەش بە دادگای دەکات، ئەمە وەکو ئەو جیابوونەوەیە نییە کە پیاوان داوای دەکەن.

ئەو پارێزەرە ئەوەشدەخاتەڕوو کە «جیابوونەوە لەڕووی یاساییەوە لەدەستی هەردوولادایە و هەردووکیان دەتوانن داوای جیابوونەوە بکەن، بەڵام زۆربەی دەسەڵاتەکانی کاتی جیابوونەوە کەوتوونەتە دەســـتی پیاوان، هۆکارەکەی کۆمەڵگەیە نەك یاسا، گوتیشی: «تەڵاق مافێکە بەپێی شـــەرع لەدەستی پیاودایە، بەڵام یاسای باری کەســـێتی جیابوونەوە بەپێی ڕێککەوتنە، واتە لەو کاتەی کە گرێبەستی هاوسەرگیری دەکەن لەدادگا، خۆیان بڕیار دەدەن کە جیابوونەوە لەدەستی کامیاندا بێت، بەڵام تاوەکو ئێستا ئەمە نەبۆتە دیاردەیەکی بـــاو، بۆیە بەو پێیە زیاترینی جیابوونەوەکان لەدەســـتی پیاودایەو دەتوانێت ژنەکەی خۆی بە وشەیەك تەڵاق بـــدات، گەرچی لەکۆمەڵگەی ئێمەدا یاســـا مافی بە ئافرەت بەخشـــیوەو بۆی هەیە ڕوو لەدادگا بکات و داوای جیابوونەوە بکات، بەڵام کۆمەڵگە ڕێگری لێدەکات».

ئەو یاساناسە ئەوەشـــدەخاتەڕوو ئەو هاوسەرانەی کە بە تەفریق لە یەکتری جیابوونەتەوە، کێشـــەیان تەنیا منداڵە، ئەوان سەیری بەرژەوەنـــدی منداڵەکەیان ناکەن، لەدوای جیابوونەوەش لەســـەر بینینی منـــداڵ و چۆنیەتی پەروەردەکردنی ئەگەر ڕێکبکەون، پەنا بۆ دادگا ناهێنن، بـــەڵام ئەگەر ڕێکەوتن نەبوو، ئەوا پەنا بۆ دادگا دەهێنن و داوای بینینی منداڵەکانیان دەکەن، دادگاش خوێندنەوە بۆ حاڵەتی دایك و باوك و منداڵەکە دەکات، ئەوکات بڕیار دەدات لەسەر بینینی»، لەکۆتاییدا ژیان گوتی: «ژیانی ژن و مێردایەتی پێویستی بە قوربانیدانە، لەبەر ئەوەی کەسمان کۆپی ئەویترمان نین، بۆیە پێویســـتە ژن و مێرد چاو لەهەندێك هەڵەی یەکتر بپۆشن و لەنێوان خۆیاندا لێبووردە بن»،

ئابووریناس سرود فەریق، ڕایوایە هۆکارە ئابوورییەکان کاریگەری زۆریان لەسەر زیادبوونی ڕێژەی جیابوونەوەی هاوسەران دروست کردووە، دەشلێت: «بێگومان تەڵاق لەهەموو کۆمەڵگەیکدا هەیە و مافێکە بۆ هاوســـەران کە لەکاتی پێکەوە نەگونجانیان پەنای بۆ ببەن، بەڵام گرنگە هەوڵبدەین بە هەموو شـــێوەیەك ڕێگری لـــەو دیاردەیە بکەین. بۆیە پێویســـتە حکومەت ڕێکخراوەکانی ناحکوومی بەرنامە بۆ ئایندەی گەنجان دابنێن و زیاتر بایەخ بە بنەماکانی خێزان بدەن و هەوڵبدەن کوڕان و کچان وشـــیاربکەنەوە سەبارەت بەوەی چۆن هاوســـەری سەرکەوتوو بن، هەروەها زۆر پێویســـتە تەرکیز لەسەر پەروەردەکردنی منداڵان و دروستکردنی خێزانـــی بەختەوەر بکەن، بەڵام نابێت ئەوەشـــمان لەیاد بچێت، کە لایەنـــی ئابووریش کاریگەری زۆری هەیـــە، چونکە زۆر لەگەنجەکانی ئێمە لەقۆناغی دیاریکراودا هاوسەرگیری دەکەن، بەوردی بیر لەوەناکەنەوە کە چۆن بتوانن مامەڵە لەگەڵ ژیانی خۆیاندا بکەن، بۆیە کە دەکەونە نێو واقیعی پرۆسەکەوە تووشی زۆر گرفتـــی ئابووری دەبن، لەبەر ئـــەوەی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەهای پارە بەرەو دابەزین دەچێت و لەبەر هەڵئاوســـانی ئابووری و بەهـــۆی زۆربوونـــی تەکنۆلۆژیاو ئامێرەکانی ســـەردەمەوە پێداویســـتیی مرۆڤ، ژیان بەرەو گرانی دەڕوات، ئەم گرفتەش هەموو وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاســـتی گرتۆتە و شـــتێك نیە تەنیا کوردســـتانی گرتبێتەوە، بەڵکوو هەموو ناوچەکە بەدەست بەم گرفتەوە دەناڵێنن».

**پیاوان بۆ مارەکردنی ژنی دووەم بەبێ ڕەزامەندی هاوسەری یەکەم پەنا بۆ دەرەوەی هەرێم دەبەن**